# له بارەی خەڵاتی ئۆسکارەوە

**نەجم عەبدولکەریم**
**و. بۆ کوردی: عەلی نارێنی**



لە چەند هەفتەی داهاتودا خەڵاتی ئۆسکار ئەبێتە سەر لیستەی هەواڵە هونەریەکان، بە ئاهەنگی بەخشینی خەڵاتەکەش کۆتایی دێ، کە زۆربەی هۆکانی راگەیاندنە جیهانیەکان پەخشی دەکەن. ئاخۆ چیرۆکی ئۆسکار چییە؟ ئەم وتارە هەندێك سیمای چڕی خەڵاتەکە دەگرێتە خۆ... ئاهەنگەکانی خەڵاتی ئۆسکار ـ هونەرە سینەماییەکان ـ سنوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تێدەپەڕێنێ، چونکە بۆتە جێ بایەخی کەرتگەلێکی گەورە، لەوانەی بایەخدەدەن بە بەدواداچوونی هونەری سینەمایی لە جیهاندا، کە زیاتر لە ملیارێك بینەر لە رێگای شاشەکانی تەلەفیزۆنەوە دەیبینن. ئەوش خەڵاتێکە ساڵانە ئەکادیمیای زانست و هونەرەکانی سینەمایی ئەمریکی دەیبەخشێتە باشترین فیلم و، باشترین ئەکتەری پیاو و ژن، هەروەها باشترین کاری هونەریش لە چوارچێوەی کاری سینەماییدا دەگرێتەوە، لە نوسینی سیناریۆوە تا مۆنتاژکردن و ئەندازیاریی دەنگ و دیکۆر و کاریگەریە هونەرییەکان(speecal effeets)و مۆسیقا و جلوبەرگ و دەرهێنان و هەر شتێك کە پەیوەندی بە پیشەکاری ئەم هونەرە جوانەوە هەیە.

هەندێك پێیان وایە کە خەڵاتی ئۆسکار ـ بۆ هونەری سینەمایی ـ لە خەڵاتەکانی (نۆبڵ) و (بولتزیر)گرنگ ترە، بە هۆی ئەو ئاهەنگەوە کە ساڵانە لە شاری لۆس ئەنجلۆس ( پایتەختی سینەما لە جیهاندا) بۆی ساز دەکرێ، کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەستێرەکانی بواری سینەما ئامادەی دەبن و هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لەوانەی کە بایەخ بەم هونەرە دەدەن و بە گوڕوتینێکی زۆرەوە چاوەڕوانی دەرەنجامەکانی ئەم پێشبڕکێیە دەکەن.

چۆن ناوی ئەم خەڵاتە نرا ئۆسکار؟

پێش ئەم ناوەی ئێستای، خەڵاتەکە دەدرا بەو کەسانەی کە شایانی بوون بە ناوی(خەڵاتی رێزلێنان) یان (خەڵاتی ئەکادیمیاکان).. ئەی ناوی ئۆسکار لە کوێوە هات؟ لەم بارەوە سێ بۆچوون هەیە،یەکەمیان هی (مارگرێت هیریك) ە، کە ئەمینداری ئەکادیمیای ئەمریکییە بۆ زانست وهونەرەکانی سینەما، دەڵێ: من رۆژێکیان هاوارم کرد پەیکەری ئەم خەڵاتە(ئۆسکار)ی مامم بیردەخاتەوە. بەڵام ژنە هونەرمەند (بیتی داڤیز) چیرۆکێکی تر دەگێڕێتەوە و پێی وایە ئەو ناوی خەڵاتەکەی ناوە ئۆسکار و دەڵێ: دیوی دواوەی خەڵاتەکە هەمیشە دیوی دواوەی مێردەکەی (هارمۆن ئۆسکار)ی بیردەخاتەوە، هەر ئەویش ئەم ناوەی بلاوکردۆتەوە، تا وای لێهاتووە ئێستا خەڵاتەکە بەو ناوەوە ناسراوە.

بەلاّم (سیدنی سکولسکی) رۆژنامەنووس پێی وایە ئەو ئەو ناوەی بڕیوەتە بەر خەلاّتەکە، چونکە ئەو ناوەی بە زۆری لە وتارەکانیدا بە کار هێناوە تا ئەکادیمیای ناچار کردووە ئەو ناوە ببڕنە بەر خەلاّتەکە.
تا ئێستاش هیچ بەلگەیەك لە بەر دەستدا نییە راستی ئەو بۆچوونانەمان بۆ بسەلمێنێ، هەروەها بەلگەیەکیش نییە





رەدیانبکاتەوە، دواجار پەیکەری خەلاّتی ئۆسکاریش بووە بە دروشمێکی جیهانی کە هێمایەکە بۆ گرنگترین رووداوی سینەمایی لە جیهاندا.

## پێکهاتەکانی پەیکەری ئۆسکار

ئۆسکار بریتییە لە پەیکەرێك پیکهاتووە لە تێکەڵەیەك لە کانزاکانی مس وقەسدیری داپۆشراو بە ئاڵتون، درێژییەکەی 54 سانتیمەترەو، کێشەکەشی 8,5 کلگم، پەیکەرەکەش لە شێوەی شۆڕە سوارێکە، شمشێرێکی بە دەستەوەیەو لە سەر شریتی کۆمەڵێك فیلم راوەستاوە کە تیشکەلێکی لێوە دەردەچێ و ئاماژەن بۆ ئەو پێنج بەشەی کە ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ زانست وهونەرەکانی سینەما دەیانگرێتە خۆ وەك: نواندن، دەرهێنان، بەرهەمهێنان، نووسینی سیناریۆ و بەشە هونەرییەکانی تر.
نەخشەسازی پەیکەرەکە ساڵی 1924 لە لایەن(سیدریك جۆنز)ەوە کراوە و لەلایەن(جۆرج ستانلی)یشەوە هەڵکۆڵراوە و، کۆمپانیای(دودج)لە شاری کریستال لیك لە ویلایەتی ئالینوایش دروستی دەکات. ساڵانەش 60 پارچە لە پەیکەری خەلاّتی ئۆسکار دروست دەکرێت، ئەمەش زۆرترین ژمارەی ئەو کەسانەیە کە ساڵانە خەلاّتەکەیان بەر دەکەوێ و دەیبەنەوە.

## گرنگترین خەلاّت

32 رێکخراوی سینەمایی ئەمریکی هەن ساڵانە خەلاّت ئەبەخشنە باشترین کارە سینەماییەکان، هەروەها 170 رێکخراوی ئەمریکیش هەن ساڵانە خەلاّتی تەلەفیزۆنی وئێزگەیی ومۆسیقی وشانۆیی دەبەخشن، خەلاّتی تۆپی زێڕینیش هەیە کە یەکێتی رۆژنامەنووسانی بیانی لە هۆلیوّد دەیبەخشن و، هەروەها خەلاّتی(تۆنی،ئیمی،گرامی)و هتد...کە خەلاّتگەلێکن ساڵانە لە بوارەکانی تەلەفیزۆن وشانۆو مۆسیقادا دەبەخشرێن. بەلاّم هیچ یەکێك لەم خەلاّتانە ناتوانێ کێبڕکێی خەلاّتی ئۆسکار بکات. بە هۆی ئەو ناوبانگە گەورەیەی لە ناوەوە و دەرەوەی ئەمریکا بە دەستی هێناوە.
ئەوەی جێگای سەرنج بێ لێرەدا دامەزرێنەرانی ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ زانست وهونەرە سینەماییەکان، کە خەلاّتی ئۆسکار دەبەخشن، کاتێك ساڵی 1927 بڕیاری دامەزراندنی ئەکادیمیاکەیان دا، بیرۆکەکەیان بە دڵ نەبوو و وەك

پرۆژەیەکی دواخراو دیانرِوانییە پرۆژەکە. نەك وەك پرۆژەیەکی جێ بایەخ وپلە یەك. کاتێکیش کە لە 16ی مایۆی ساڵی 1929 یەکەم ئاهەنگ سازکرا. ئاهەنگێکی سادە بوو و هیچ بایەخێکی پێنەدرا و لە رووی راگەیاندنیشەوە وەکو رووداوێکی سادە تێپەرِی. بەم شێوە دابەشکردنی خەلاَتەکان جگە لە رووپەرِی رۆژنامە ئاساییەکان هیچ بایەخێکی تری پێنەدرا. بەلاَم لە ساڵی 1953بازدانێکی چۆنایەتی بە خۆوە بینی، ئیتر خەلاَتی ئۆسکار ناوبانگێکی جیهانی بە خۆوە بینی وەك ئێستا هەیەتی. ئەوەش لە بەر گواستنەوە و پەخشکردنی ئاهەنگی ئەو ساڵە لە رێگای شاشەکانی تەلەفیزۆنەوە. بەڵێ گواستنەوە و پەخشکردنی ئاهەنگی دابەشکردنی خەلاَتی ئۆسکار لە رێگای شاشەکانی تەلەفیزۆنەوە لە ساڵی 1953وە رۆڵێکی گەورەی بینی لە ناساندنی خەلاَتەکە و بووە جێ بایەخی زیاتر لە ملیارێك مرۆڤ کە ساڵانە لە کۆتایی مانگی مارس وسەرەتای ئیپریلی هەموو ساڵێك دەیبینن.

کاریگەری ماددی ومەعنەوی خەلاَتی ئۆسکار




ئەم خەلاَتە بە گوێرەی ئاماژەیەکی گرنگە لە بارەی ئەو قازانجە زۆرەی کە فلیمەکە بە دەستی دێنێ کە خەلاَتەکە دەباتەوە و قازانجەکەش دەگەرِێتەوە بۆ بەرهەمهێنەر و ئەستێرەکانی سینەما. بۆ نموونە هونەرمەند(جین هاکمان) دوای ئەوەی وەك باشترین ئەکتەر خەلاَتی ئۆسکاری پێ بەخشرا کرێی بەشداریکردنی لە فیلمێکدا لە 200 هەزار دۆلارەوە بەرز بویەوە بۆ 500 هەزار دۆلار. هەروەها هونەرمەندی بەریتانی(تۆنی کۆنتی)دوای پالاَوتنی فلیمەکەی(رۆبین رۆبین) بۆ خەلاَتی ئۆسکار، کرێی بەشداریکردنی لە فیلمدا لە 100 هەزار دۆلارەوە برزبویەوە بۆ یەك ملیۆن دۆلار. هەمان شت سەبارەت بە هونەرمەند(جۆرج کنێدی)یش کە کرێی بەشداریکردنی لە 20 هەزار دۆلارەوە بەرزبویەوە بۆ 200 هەزار دۆلار. لە لایەکی ترەوە خەلاَتی ئۆسکار بۆتە رووداوێکی گرنگ بۆ دەوڵەمەندبوونی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی سینەمایی. تەنها بە راگەیاندنی بە دەستهێنانی خەلاَتەکە بۆ فیلمی هەر کۆمپانیایەك، یەکسەر قازانجی کۆمپانیاکە بەرزدەبێتەوە لە پێنجەوە و بۆ دە بەرامبەر لە قازانجی چاوەرِوانکراوی خۆی. هەندێ جاریش قازانجەکان دەچنە مەزەندەیەکی خەیاڵییەوە وەك لە گەل فیلمی دەنگی مۆسیقادا( sound music)وفیلمی(the godfather)وفیلمی(wests idestory)و دواترینیشیان زنجیرە فیلمی شەرِی ئەستێرەکان...هەرچی ژمارە پێوانەییەکانی قازانجی فیلمی تایتانیکیشە (titanic) ئەوا قسەکردن لە بارەیەوە دووڵی ناوێ!!

کاریگەرییە مەعنەوییەکانی خەلاَتی ئۆسکار

لێرەدا بۆچوونی هەندێك لەو ئەستێرانە دەخەینە روو کە خەلاَتی ئۆسکاریان بە دەستهێناوە لەوانە هونەرمەند(گریگۆری بیك)دەڵێ: من هەرچی بڵێم وخۆیشم چۆن دەربخەم، ناتوانم لە گرنگی ئەم خەلاَتە کەم بکەمەوە. دوای مردنم بە دەستهێنانی خەلاَتی ئۆسکار یەکێکە لەو کارانەی کە باسی من هاتە نێو، باسی لێوە دەکرێ.

(ئورسۆن ویلز)یش له بەرامبەر دەیان ملیۆن بینەری تەلەفیزۆن وتی: بریا جەماوەر هۆی گرنگی تایبەتی ئەم خەڵاتە بزانن سەبارەت بە من. ئەم خەڵاتە نە لە لایەن جەماوەرەوە و نە لە لایەن رەخنەگرانیشەوە نا بەخشرێ، بەڵکو لە لایەن خودی سینەماکارانەوەیە کە زیاتر لە هەر کەسێکی تر عاشقی سینەمان. هەر لە قسەکانی ویلزدا ئاماژەیەك بۆ لێژنەی بەخشینی خەڵاتەکان هەیە کە سەرجەم ئەندامانی ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ زانست وهونەرەکانی سینەما دەنگدەدەن بۆ پالاوتنی فیلمێك بۆ پێبەخشینی خەڵاتی باشترین فیلم. کە ئەمەش تەنها خەڵاتە سەرجەم ئەندامانی بەشداری تێدا دەکەن، سەبارەت بە خەڵاتەکانی تریش ئەندامانی هەر بەشێك لە بەشەکانی ئەکادیمیاکە بەشداری دەکەن لە پرۆسەی پالاوتنی ئەو جۆرەی کە بەشەکە دەیگرێتە خۆ، واتە ئەکتەرەکان ئەکتەر دەپالێون و، دەرهێنەرەکان دەرهێنەر دەپالێون و، نووسەران نووسەر دەپالێون و، ئەودوای بەشەکانیش بە هەمان شێوە.

لێرەدا ئاماژەکەی ئۆرسۆن ویلز دەردەکەوێ کە ئاماژەمان پێدا.

بەشەکانی ئەکادیمیاکە کە خەڵات دەبەخشن:

ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ زانست وهونەرەکانی سینەما، بە پێنج بەش دەستی پێکرد وهەر یەك لە بەرهەمهێنان و نواندن و نووسەران و بەشە هونەرییەکان دەگرێتە خۆ، بەڵام دواتر بەشەکان فراوان کرانەوە بۆ 12 بەش وەك: ئەکتەرەکان، بەڕێوەبەرە هونەرییەکان، و ێنەگران، دەرهێنەران، بەڕێوەبەرە ئیدارییەکان، بەڕێوەبەرانی مۆنتاژ، میوسازان، بەرهەمهێنەران، نووسەران، ئەندازیارانی دەنگ، پەیوەندییە گشتییەکان، کورتە فیلمەکان.

## ئامانجەکانی خەڵاتی ئۆسکار

هەر کە ئەکادیمیای هونەر و زانستی سینەما لە 20ی حوزەیرانی ساڵی 1927 پەیدا بوو، دامەزرێنەرانی ئامانجە سەرەکیەکانی ئەو ئەکادیمیایەیان بەم شێوەیە ئاشکراکرد : ئەکادیمیا هەڵئەسێ بە هاندان و بەرز راگرتنی هونەرو زانستی سینەما و پێشکەوتنی لە رێگای ئالوگۆرکردنی بیرو بۆچوونە بنیادنەرەکان و بەخشینی خەڵاتی شیاو بە هەر کارێکی سینەمایی دیار. لەم بەندەدا یەکەم ئاماژەکرا بۆ بەخشینی خەڵاتی سینەمایی، کە ئێستا بە خەڵاتی ئۆسکار ناسراوە، پێشتریش لە ژێر ناوی تردا دەبەخشرا کە پێشتر باسمان کرد.

ئەکادیمیا چالاکی و هەڵسوڕانی تری هەیە تێیدا بایەخ دراوە بە دروستکردنی سینەما و کارمەندانی. کاریش دەکا بۆ پاڵپشتی کردن لە هونەر و زانستەکانی فیلمی سینەمایی و هەوڵی گەشەکردنی دەدات. هەروەها کار دەکات هاوکاری نێوان عەقڵە داهێنەرو پێشەنگەکان پتەو بێت و لە پێناو بەرزکردنەوەی پێشکەوتنی رۆشنبیری و پەروەردەیی و تەکنیکی و بەخشینی خەڵات بە دەسکەوتە سینەماییە گەورەکان و هاوکاری لە توێژینەوە هونەرییەکاندا و چاك کردنەوەی ئامراز و کەرەسە سینەماییەکان و دابینکردنی پێگەیەکی هاوبەش کە هەموو ئەندامانی لقەکانی پیشە سینەماییە جۆراوجۆرەکان تێیدا چاویان بە یەك بکەوێ. هەروەها نوێنەرایەتی کردنی کارمەندان و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی چالاکی پەروەردەیی و فێرکاری لە نێوان کارمەندانی دروستکردنی سینەما و خەڵکدا. ئەکادیمیا زۆر چالاکی تری هەیە. بەڵام دیارترین چالاکیەکانی چڕدەکرێتەوە لە کاتی ئاهەنگ گێڕانی خەڵاتی ساڵانەی ئۆسکاردا.

ئەکادیمیا بارەگایەکی لە ناوچەی بیڤرلی هەیە. کتێبخانەیەکی تێدایە زیاتر لە 10 هەزار فیلم دەگرێتە خۆ، لەوانە ئەو فیلمانەی کە خەڵاتی ئۆسکاریان وەرگرتووە. هەر لەو بارەگایەدا کتێبخانەیەکی تر هەیە زیاتر لە 30 هەزار کتێب دەگرێتە خۆ کە هەندێکیان دەگمەنن. زۆر چاپکراوو بلاوکراوەشی هەیە ناوبەناو دەردەچن، جگە لە 2500 دۆسێەی بابەتی جۆراوجۆری رۆژنامەوانی(قصاصات صحفية)تایبەت بە سینەما و ئەستێرەکانی لە لقی جۆراوجۆردا. هەروەها زیاتر لە 300 کۆمەڵەی هونەری دەگرێتە خۆ کە ژمارەیەك لە گەورە هونەرمەندان لە بواری سینەما و رۆژنامەوانی و نووسیندا پێیان پێشکەش کردووە.

لە لایەکی ترەوە ئەکادیمیاکە بلاوکراوە و چاپەمەنی دەردەکات، لە نێوانیاندا بلاوکراوەیەکی سینەمایی وەرزی لە بارەی گرنگترین کارە سینەماییەکانەوە تا بکەونە بەر دەستی لێکۆڵەرە سینەمایی و پەیمانگا تایبەتەکان کە وانەی زانست وهونەرەکانی دەڵێنەوە. هەروەها ئەکادیمیاکە زنجیرەیەکی هەفتانە پێشکەش دەکات کە تێیدا ئەو فیلمانە نمایش دەکرێن لە ساڵی 1927ەوە تا ئێستا خەڵاتی ئۆسکاریان بە دەستی هێناوە. ئەم نمایشانەش کراوەن و بە خۆڕایین بۆ جەماوەری بینەر. ئەکایمیاکە چەند بەشێکی تری هەیە خەڵاتی رێزلێنان دەبەخشێتە ئەو فیلمانەی کە خوێندکارانی

پەیمانگاکانی سینەما دەریدەهێنن. ئەم خەلآتەش ناوی ئۆسکاری بچووکە، لە گەلیشیدا خەلآتی ماددی بە مەبەستی هاندان دەداتە خوێنکارانی دیراساتی سینەما. بەم دواییانە رێگا درا بە هاندانی خوێنکارە بیانییەکانیش هاوشان لە گەل ئەمریکیەکاندا بەشداری بکەن.

### خەلآتی ئۆسکار بۆ فیلمە بیانییەکان

(شو ـ شاین) یەکەم فیلمی بیانییە کە خەلآتی ئۆسکاری بە دەستهێنا، دوای ئەوەی لە ساڵی 1947 بڕیار درا بە هاندانی فیلمە بیانییەکان بۆ بەشداریکردن بۆ ئەوەی شێوە خەلآتی رێزلێنانیان بدرێتێ. فیلمی ئیتالی(شو ـ شاین) یەکەم فیلم بوو ئەو خەلآتەی پێ بەخشرا، بەلآم لە ساڵی 1955 بڕیاردرا کە پالآوتنی فیلمی بیانی بۆ خەلآتی ئۆسکار ببێتە بەشێکی سەرەکی لە دابەشکردنی خەلآتەکەدا. رێگا درا بە هەر ولآتێکیش یەك فیلم بپالێوێ بۆ کێبڕکێکردنی بە دەستهێنانی خەلآتی ئۆسکار بۆ باشترین فیلم. بۆ ئەم مەبەستەش لێژنەیەکی بەر فراوان پێکهێنرا کەلە 200 ئەندام پێکهاتبوو و بە لێژنەی فیلمە بیانییەکان ناسرا. هەموو بەشەکانی ئەکایمیاکەش پێنج لەو فیلمانە هەڵدەبژێرن بۆ پالآوتنی وەك باشترین فیلمی بیانی، لەم بارەشەوە فەرەنسا زۆرترین چانسی بوو لە بەدەستهێنانی خەلآتی باشترین فیلمی بیانیدا، بە دوایشیدا هەر یەك لە ئیتالیا و روسیا و سوید و ئیسپانیا دێن و، هەر یەکەش لە ولآتانی جەزائیر و مەجەڕ و ساحیل عاج و ئەڵمانیا و هۆڵەندا و سویسرا و ئەرژەنتین و دانیمارك یەك جار خەلآتەکەیان بە دەست هێناوە. یابانیش 10 جار فیلمی پالآوتووە بۆ ئەو خەلآتە بەلآم بە دەستی نەهێناوە.

### ئۆسکاری رێزلێنان



ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ زانست وهونەرەکانی سینەما ئەوەی خستە پێش چاوی خۆی کە کە سانێك هەن ئەوەی لە توانایاندا بوو بۆ سینەما بە کاریانهێنا. بەلآم بە هەر هۆیەك بێت خەلآتی ئۆسکاریان بە دەست نەهێنا. بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەش بیرۆکەی ئۆسکاری رێزلێنان هاتە بوون. لەم بارەوە خەلآتی پێشەنگانی (سینەمای بێدەنگ) کرا. بۆ ئەو ماندووبوونەی کە کردویانە پێش ساڵی 1927 کە دەکاتە بەرواری دامەزراندنی ئەکادیمیاکە.
بۆ نموونە دووجار ئەم خەلآتە بەخشرایە تشارلی شابلن لە ساڵەکانی 1927و1928 ساڵی 1971 یش جارێکی تر پێی بەخشرایەوە. هەروەها ساڵی 1935 هونەرمەند داڤید وارك گریڤیز خەلآت کرا، بە دوایشیدا هەر یەك لە ماك سینین ساڵی 1938، هارۆڵد لویر ساڵی 1952، لیلیان گیش ساڵی 1970، ماری بیکفۆرد ساڵی 1975 خەلآتکران.
ماوەتەوە بڵێین چەندین هونەرمەندیش تا ئێستا زیاتر لە جارێك خەلآتی ئۆسکاریان بە دەست هێناوە. بەلآم فیلمی(بن هور) زۆرترین جار ئەم خەلآتەی بە دەست هێناوە کە دەکاتە (11)جار. کچە هونەرمەند(کاترین هیبۆرن)چوار جار و (جۆن فۆردی) دەرهێنەر چوار جار و(مارلۆن براندۆ)ش دووجار ئۆسکاریان بە دەست هێناوە.

لە ماڵپەڕی (ئیلاف)ەوە وەرگیراوە.

ئەم وتارە بەچەند رۆژێك پێش دابەشکردنی خەلآتەکانی(ئۆسکار)ی پارساڵ نووسراوە.